بانکی ڕەشید ئاستی پێدانی قەرز بە هاوڵاتیان بۆ 75 ملیۆن دینار بەرزدەکاتەوە

بانکی ڕەشیدی عێراقی ئەمڕۆ سێشەممە بڕیاریدا، ئاستی پێدانی قەرزی دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی بیناسازی بۆ 75 ملیۆن دیناری عێراقی بەرزبکاتەوە.

بانکی ڕەشید لەڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە، بانکەکەیان بڕیاریداوە بە بەرزکردنەوەی ئاستی پێدانی قەرز بەو کەسانەی دەیانەوێت خانو یاخود بیناکانیان نۆژەن بکەنەوە یان خانو و بینای نوێ دروستبکەن بۆ 75 ملیۆن دینار".

هەر بەگوڕەی ڕاگەیەندراوەکە، مەبەستی ئاسانکاری بۆ ڕێکارەکانی بەخشین، محەمەد سەمیر عەباس بەڕێوەبەری گشتی بانکی ڕەشید بڕیاریدا بە پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرانی لقەکانی بانکەکە بۆ پێدانی 50 ملیۆن دینار بەو کەسانەی دەیانەوێت قەرزی دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی بیناسازی وەربگرن، هەروەها دەسەڵاتیشیان پێدراوە بەپێدانی هەر بڕە پارەیەکی زیاتر کە پێویست بکات.

ئاماژەی بەوەشکرد، "سەبارەت بە نوسینگەکانی بانکی رەشید دەسەپات دراوە بە لیژنەی قەرز لە نوسینگەکان بۆ پێدانی بڕی قەرزەکە بە هاوڵاتیان".

بانکی رەشید داوای لە "هەمو ئەو کەسانە کردوە کە دەیانەوێت داواکاری پێشکەش بکەن سەردانی لقەکانی بانکەکەیان بکەن لە بەغدا و پارێزگاکانی دیکەی عێراق بەمەبەستی گرتنەبەری ڕێوشوێنە ئیداری و یاساییەکانی وەرگرتنی قەرزەکە".